

# ڕاپەڕینێکی تر

شیعری حەمەکاکە ڕەش

ئەم شیعرە لەساڵی 1999 لە چەمچەماڵ لە یادی ڕاپەڕیندا لە کۆڕێکدا خوێندمەوە تەواوی ئامادەبووان هەستانە سەر پێێ و داوایان کرد جارێکی تر بیخوێنمەوە هەرئەو کات دەرکەوت حیزب و دەسەڵاتی کوردی بە ئاراستەی ڕاپەڕین کار ناکەن . حەمە کاکەڕەش

بەئەمەک بووین بەئەمەک
وتمان ئەی بەندیخانە
ئەتکەینە جێگای گوڵ و ڕێحانە
ڕاپەڕیتین بەئەمەک بووین بەئەمەک
بێکەس وتی داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ
قەت بەر ناگرێ
ڕاپەڕیتین داری ئازادیمان شەلالی خوێن کرد
بێکەس وتی خوایە وەتەن ئاواکەی
ڕاپەڕیتین وتمان خوایە وەتەن و سەرکردەکانمان
لە کۆڵ کەرەوە
دوێنێ وتمان زەڕەیەک خاکی وەتەن
نادەین بە قەسری قەیسەری درۆمان کرد
ئای ڕاپەڕین هەزار وانەت فێرکردین
فێرت کردین کە پشیلەیەکی بە وەفاو
مرۆڤ دۆستێکی جەلاد بین
ئای ڕاپەڕین ئازادیمان ناسی
ئەملاو لای دیموکراسیمان ماچ کرد

ئای ڕاپەڕین ئازادی چەند خۆشەویستە
لەئازادیا کەس کوشتنی پێ ناخۆش نییە
لەئازادیا کەس وێرانکردنی لا ناشرین نییە
چونکە ئازادین لەوەی کێ بکوژین ئەیکوژین
ئازادین لەوەی کوێ وێرانکەین وێرانیکەین
ئای نیشتمان ئێستا تۆ
پڕی لە عاشقی جەلادو
پەپولەی دڕندەو
فاسقی خواپەرست
ئای نیشتمان ئێستا ڕاپەڕین
هەموو شتێکی هەیە
تەنها پێویستی بە ڕاپەڕینێکی ترە

1999

heme_kaka_rash@hotmail.com